# وڵاتی سەرسورهێنەری یاری منداڵان ئیهمێما (IHMEMAA)- ڕێنماییەکانی چاودێری، ئیڵپۆینێن ILPOINEN

**شاری تورکو بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی دایک و باوکانی قوتابخانەی ئیڵپۆینێن ، چالاکی وەرزشی منداڵان ئیهمێما (IHMEMAA) لە هۆڵی پالۆیلوو، ڕێکدەخات**

**پێویستمان بە دایک و باوکی چالاکە کە هاوکاریمان بکەن بۆ دروستکردنی چالاکی یاری منداڵان ئیهمێما و چاودێری بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەلامەتە بۆ یاری منداڵان منداڵان بۆ یاری کردن لە شوێنەکە. ئەو پۆلەی کە بەشداری لە چاوەدێری دا دەکات ٩٠ یۆرۆ وەردەگرێت بۆ سندوقی گەشتی پۆلەکە یان بە شێوەیەکی تر بۆ ئەوەی بۆ سوودی منداڵان بەکاربهێنرێت.**

لە ڕۆژانی یەکشەممە لە کاتژمێر ١٦:١٥ بۆ ١٩:٣٠.پێویستیمان بە یارمەتیە بۆ چاودێری ئیهمێما (IHMEMAA) لە کاتژمێر ١٧:٠٠ تا ١٩:٠٠ کراوەیە بۆ خەڵک

لە پۆلەکە پێویستیمان بە ٣ چاوەدێری گەورەساڵ (سەرووی ١٨ ساڵ) هەیە بۆ تەواوی کاتەکە. دەتوانن ئەرکەکان بۆ دوو شیفت دابەش بکرێن، بۆ نموونە 16:15-18:00 و 18:00-19:30، کە ئەوکات بە گشتی 6 چاوەدێر پێویستە.

بەخێربێیت!


سوپاس بۆ ناوت تۆمارکردن وەک چاوەدێر وڵاتی سەرسورهێنەری یاری منداڵان ئیهمێما (IHMEMAA) ! لێرەدا چەند ڕێنماییەک لەسەر چی...

ئەرکەکانی چاوەدێر بریتین لە:

- ئەرکی یەکەم بریتییە دانانی ئامێرەکان و ئامادەکردنی شوێنەکانە.
- بەڕاستی گرنگە کە هۆڵەکە سەلامەت بێت بۆ سەردانکەران. دڵنیابە لەوەی کە هیچ شتێکی لەبەکارهێنەرانی پێشوو وەک مادەی زیانبەخش یان شتێک لە هۆڵەکەدا (بۆ نموونە نوسکا) نیە و شوێنەکە پاک و خاوێنە.
- چاوەدێران دەبێت کراسە پرتەقاڵییەکانی سەنتەری خزمەتگوزاری وەرزشی لەبەر بکەن بۆ ئەوەی لە کەسانی دیکە جیا بکرێنەوە و بناسرێنەوە.
- ئەرکی سەرەکی چاوەدێران، چاوەدێری کردن شوێنەکە و پاراستنی ڕێکوپێکییە. بەڵام لەبیریت بێ کە وەک چاوەدێرێک وەک خزمەتگوزاری موشتەری کار دەکەیت. بەڕێز و یارمەتیدەر بەو هەوڵبدە هاندەری بنەماڵەکان بی بۆ وەرزش و جوڵە.
- ئەگەر تێبینیت کرد کە منداڵێک یان سەرپەرشتیارێک پێچەوانەی یاساکان مامەڵە دەکات. ڕێسا و یاساکانیان بیر بێنەوە. دەتوانیت هەروەها داوای نوێنەری ڕێکخراوی دایک و باوکان بکەن.

kurdi

- یەک چاودێر تەرخان بکەن بۆ ئەوەی ئاگاداری دۆشەکی فەنەری و سەلامەتی بەکارهێنانی بێت. ئەگەر بەکارهێنەری زۆری لێبوو ئەوا بەبێی خشتەی کاتە دەچینە پێش. (لە عەرەبانەکەدایە).
- لە کۆتایی ئێوارەدا ئەرکەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی ئامێرەکان و گواستنەوەیان بۆ کۆگاکە. کەلوپەل و ئامێرەکان دەبێ بە ڕێکوپێکی بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆیان.




خەریتەی دانانی کەلوپەلەکان لە هۆڵەکەدا. ئەو شتانەی کە نمایش دەکرێن و دانانی کەلوپەلەکان لە هۆڵەکەدا ڕەنگە لە هەفتەیەکەوە بۆ هەفتەیەکی تر جیاواز بێت. دەتوانیت خەیاڵی خۆت بەکاربهێنیت.

تێبینی!
پەت و ئەڵقە بەکارمەهێنە. بەکارهێنانیان بۆ سەلامەتی مەترسی هەیە. تۆپی باسکەش بەکارمەهێنە، زۆر قورسە. تەنها تۆپی سووک دەربهێنە.

1. ڕاخەرێکی درێژی لولکراو لە لایەک و باقی ڕاخەرە شینەکان لە دەوری دۆشەکەکە بۆ سەلامەتی زیاتر ئەگەر کەسێک بەربۆوە.
2. ترامپۆلین و دۆشەک
3. تۆڕی باسکە کە بە جەمسەرەکانی خوارەوە بەستراوەتەوە و یاریکردن تەنها بە تۆپی نەرم و سوک (زەرد-شین) نابێ بە تۆپی ئاسایی باسکە یاری بکرێت.
4. دە ڕاخەر کە پێکەوە نوسێندراون، کە بە "بلۆکی نەرم" لەسەریان سەردەکەون.

kurd

5. دانانی ئامێری وەرزشی فێرکاری لە هۆڵەکە
6. تۆپی فلوربالّ نزیکەی 15 دانە (زیاتر ئەگەر پێویست بوو)
7. ئامێرەکانی تری وەرزشکردن: کوشنی هاوسەنگی، کیسەی نەرم، پەرژینی پرتەقاڵی، پەتی پەڕینەوە و هتد ئامێری یاری و وەرشی دیکە
8. تەنها داری یاری فلۆر باڵی بچووک
9. چەرخ و ئامێرە تایەدارەکان تەنها لەم ناوچەیەدا!